ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

Rudaw Research Center

مرکز دراسات رووداو

# هەرێمی کوردستان و راڕایی کشانەوەی ئەمریکا



ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# هەرێمی کوردستان و ڕاڕایی کشانەوەی ئەمریکا

د. سەردار عەزیز

## پێشەکی

پرسی کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا بێت زیاتر لە کردارەوە نزیک دەبێتەوە. زیاتر لە دەیەیەکە ئەم پرسە لە ئارادایە. سەرجەم بەڵگە حکومییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵیان داوە دۆخی پەیوەندی ئەمریکا لە گەڵ عێراق و پرۆسەکەی لە داهاتودا ڕوون بکەنەوە. ئەم ڕووداوە، ڕووداوێکی ئاسایی نیە، بەڵکو دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و چەندین جەنگە و لە سەروو هەموو ئەمانەوە کۆتایی قۆناغێکە لە سەردەمی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

لە چەند سەدەی رابردوودا، کۆڵەکەی سەرەکی کە سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر بنیاتنرابوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، ئەویش بە دەستیوەردانی زلهێزەکانی رۆژئاوا. رەنگە کشانەوە یان کەمبونەوەی بایەخی ئەمریکا بۆ ناوچەکە و نەبوونی هێزێکی سەربەخۆی ئەورووپی لە چەندین رووەوە گۆڕانکاری گەورە بە سەر ناوچەکەدا بهێنێت. ئایا دەبێتە مایەی نەمان یان لاوازبونی رۆژئاوا و جێگرتنەوەی بە هێزی ئیقلیمی و نیمچە زلهێزی وەک چین و رووسیا؟ ئایا پاش ئەم سیستمەی ئێستای جیهان چ جۆرە سیستەمێک جێگای دەگرێتەوە؟ ئەمە هێشتا مایەی مشتومڕێکی زۆرە. ئایا دەگەڕێینەوە بۆ مۆدێلی جەنگی سارد و جوت-جەمسەریی، ئایا فرە جەمسەری دێتە ئاراوە؟ ئایا دنیا زیاتر دەبێت بە هەرێمی جوداو لە هەر هەرێمێکدا وڵاتێک دەبێتە زلهێز؟ یان وەک ریتچارد هاس دەڵێت دونیا دەبێتە بێ-جەمسەر [1] . هەموو ئەم دیدانە رەنگە بڕێکیان راست بن، بەڵام پێش هەموو شتێک ئاماژەن بۆ چەند خاڵێکی گرنگ:

**یەکەم:** ئەم سیستەمە جیهانییە کە هەیە گۆڕانکاریی بە سەردادێت.

**دووەم:** سیستەمی جێگرەوە هەندێک لە خەسڵەتەکانی دیارن، بەڵام بە گشتی نازانرێت چۆنە.

**سێیەم:** رەنگە لە میانەی گواستنەوە لە سیستمی ئێستادا بۆ سیستەمی نوێ قۆناغێکی درێژی پڕ لە پشێوی لە ئاستی دنیادا بێتە ئاراوە.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە جێگای بایەخە ئەم گریمانەیەیە: سیستەمی جیهانی دەگۆڕێت، لە میانەی ئەم گۆڕانەدا، ئەمریکا لە دنیادا پێگە و شێوازی مامەڵەی دەگۆڕێت. یەکێک لە ئەو گۆڕانکارییانە ئەوەیە کە ئەمریکا وەها دەبینێت کە بوونی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ شێوازی ئێستای رێگرە لە ئەوەی کە بتوانێت لە نێو سیستمی نوێدا رۆڵێکی کاریگەر ببینێت.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم لەڕێگای وەڵامی چەند پرسیارێکی سادە بەڵام جەوهەری، لایەنە جیاوازەکانی ئەم پرسە و کاریگەرییەکەی لە سەر کوردستان باس بکەم.

[1] Richard Haass (2008), https://www.foreignaffairs.com/articles/unit- ed-states/03-05-2008/age-nonpolarity

# ئایا ئەمریکا دەکشێتەوە؟

ئەو پرسیارە سەختەی کە رووبەری نەک نوخبەی سیاسی کورد، بەڵکو هەموو خەڵکی سادەی ناوچەکە دەبێتەوە ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا دەکشێتەوە؟ چونکە زۆرینەی خەڵک حەز بە ئەم کشانەوەیە ناکەن، ئەوا وەڵامەکەی بە نەخێر دەدەنەوە، یان هەوڵ دەدەن کە بەهانە بدۆزنە کە وەڵامەکەی نەخێرە. بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتی و رەفتاری زلهێزەکان لە سەر ئەم بنەمایانە بەڕێوە ناچێت. هەنگاوی یەکەم دەبێت پرسی مانەوە یان کشانەوەی ئەمریکا لە هەموو ڕەهەندە دەروونییەکانی دابڕین.

پرسی کشانەوەی ئەمریکا لە سایەی رێککەوتنێکدا بە ناوی ڕێککەوتنی دۆخی هێزەکان 2008 Status of Forces agreement, لە ساڵی 2008دا بۆ سەرۆک بۆش دەگەڕێتەوە. پاشان ئۆباما لە ساڵی 2011 جێبەجێی کرد. ئۆباما دژە شەڕبوو، خواستی ئەوەبوو کە سوپا بکشێنێتەوە. لە پێناوی ئەمەدا، پشتیوانی مالکیی کرد لە بەرامبەر عەلاویدا بۆ بوون بە سەرۆکوەزیران. وەک ئێما سکای[2] باسی دەکات، ئەمریکاییەکان پاش درووست نەبونی حکومەت بۆ شەش مانگ پشویان نەما و بڕیاریاندا پشتیوانی مالیکی بکەن. جم ماتییەس دژ بە کشانەوە بوو، بەڵام ئۆباما لە سەری سوربوو. ئەم کشانەوەیە پاشان لە لایەن رەخنەگرانی ئۆباماوە بە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش لێکدرایەوە[3]. لە سەردەمی ترەمپدا ئێمە بەڵگەنامەیەکی گرنگمان لە بەردەستدا ئەویش National Defense Strategy (NDS) [ستراتیژیەتی بەرگری نیشتمانییە، کە جم ماتییەس سەرپەرشتی دەکات. لە ئەم بڵاوکراوە فەرمییەدا، کە تەنیا پوختەیەکی بڵاوکراوەتەوە، ئێمە وەرچەرخانێک لە بایەخی ئەمریکا دەبینین. ئەمریکا بۆ یەکەمجار لێرەدا بە فەرمی باس لە رووبەڕووبوونەوەی چین و رووسیا دەکات بەڵام، بڵاوکراوەکەی پەنتاگۆن بە هیچ جۆرێک باس لە ئالۆزی عێراق ناکات.[4]

---

[2]Sky, Emma, (2016) The Unraveling: High Hopes and Missed Opportunities in Iraq, Public Affairs

[3]Ryan N. Mannina (2018) How the 2011 US Troop Withdrawal from Iraq Led to the Rise of ISIS, https://smallwarsjournal.com/jrnl/art/how-2011-us-troop-withdrawal-iraq-led-rise-isis#_edn19

[4]National Defense Strategy (NDS) 2018 https://dod.defense.gov/Portals/1/Documents/pubs/-2018National-Defense-Strategy-Summary.pdf

لە ئێستادا تەواو دۆخەکە جیاوازە. ئەمریکا، بە خواستی هەردوو پارتی سیاسی لە وڵاتدا لە پرۆسەی کەمکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەیەتی لە تەواوی ناوچەکەدا. هەرچەندە کۆمارییەکان پێیان باشە ئەمریکا هەژەمۆنیەتی بمێنێتەوە، بەڵام دیموکراتەکان بەتەواوی لە گەڵ دیپلۆماسییەتدان، وەک لێکۆڵەر و دیپلۆماتی فەرەنسی Charles Thépaut لە دوا کتێبیدا ئاماژەی پێدەدات[5] . ئەم ڕێچکەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرچەندە پرۆسەی کشانەوە ئاسان و بێ کێشە نیە، بەڵام وەرچەرخان لە هەڵوێستی ئەمریکادا ڕویداوە و پرۆسەی کشانەوە لە ئارادایە. دیارە کشانەوە خۆی چەند ئاستێکە. وەک ڕاپۆرتی کۆمەڵێک لێکۆڵەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕەند[6] پۆلێنیان کردوە، دەکرێت ئەمریکا بە سنورداری بکشێتەوە، وەک هشێتنەوەی بڕێکی کەم سەرباز لە گەڵ هاریکاریی ئینتلیجێنسی و ڕاوێژکاریی، یان کشانەوە، بەڵام هێشتنەوەی ڕاوێژکار و گۆڕینەوەی زانیاری و پشتیوانی ئاسمانی. (لە دانوستانی عێراقییەکان لە گەڵ ئەمریکادا، ئەوان زۆر پاڕاونەتەوە لە ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی هارکاریی ئینتلیجێنسی و ئاسمانی، چونکە بەبێ ئەوانە سوپای عێراق ناتوانێت کارەکانی بکات). لە هەمانکاتدا دەکرێت عێراق و ئەمریکا بگەنە قۆناغی disengagement کە یانی کۆتایی هێنان بە هەموو پەیوەندی و هاریکارییەک لە نێوانیاندا.

دیارە دوای ئەو قەیرانەی لە ئەنجامی کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان ڕویدا، ئەمریکا بە هەمانشێوە لە ناوچەکە ناکشێتەوە، بەڵکو لە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوی لە سەرخۆ، کار لە سەر کشانەوە دەکات. لە ئێستادا ئەمریکا ئەم پرۆسەیەی دەست پێکردووە.

---

[5]Charles Thépaut 2021   A Vanishing West in the Middle East The Recent History of U.S.-Europe Cooperation in the Regionct 2021 ,19

[6]https://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/perspectives/PE300/PE362/RAND_PE362.pdf

# ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا چیە؟

کەس گومانی نیە و پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نیە کە ئەمریکا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناوچەکەدا هەیە و لە پەیوەست بە کوردەوە، یەکەمجارە لە مێژوودا، ئەمریکا هێندە بە چڕی و بەرفروانی لە زیاتر لە پارچەیەکی کوردستان ڕۆڵ ببینێت. ئەمریکا لە باشوور، ڕۆژئاقا، هەروەها بە شێوازی ناڕاستەوخۆ و چەند هەوڵێکی کەمیش بە ڕاستەوخۆ لە باکوور ڕۆڵی هەبووە. بە پێی گێڕانەوەی جەنگیز چاندار، ئەمریکا لە 2016 لە کاتی سەردانی سەرۆکی تورکیا بۆ ئەو وڵاتە، داوای ئاشتی لەنێوان کورد و تورکی کردوە، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەبووە. ئەمریکا لە بەرامبەر ئەمەدا ئامادەبووە هاوکاری دارایی و ئابووری تورکیا بکات [7]. ئەم ڕۆڵە بەرفراوانەی ئەمریکا، بە پێی تیورەی ڕۆڵ بە هەژموون لە قەڵەم دەدرێت. بە پێی کینس پۆلاک:

ئەمریکا لە ناوچەکە، لە میانەی سیستمێکی تاک جەمسەریدا، ڕۆڵی پاراستنی بینیوە لەگەڵ دابینکەری ئاسایشی، گەرەنتی سەقامگیری، پەرەپێدەری دیموکراسی، نێوانگیری لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل. لە سەرووی ئەمانەوە ئەوە ئەمریکا بووە هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتە هەرێمیەکاندا ڕاگرتوە. هەروەها نەیهێشتوە کەس ڕێگری لە بەردەوامیی ڕۆیشتنی نەوت بکات. هەموو ئەمانە پێکەوە وەهای لە ئەمریکا کردبوو کە هەژموونێکی ڕاستەقینە بێت لە ناوچەکەدا[8]. بەم پێیە پشتکردنی ئەمریکا لە ناوچەکە هەموو ئەو ڕۆڵانەی وەک ئەکتەرێکی دەرەکی هەیبوو لە دابینکردنی ئەندازیاری ئاسایشی ناوچەکە لە دەست دەدات.

[7]CENGIZ ÇANDAR 2020 Turkey's Mission Impossible:War and Peace with the Kurds

[8]Kenneth M. Pollack, 'U.S. Policy toward a Turbulent Middle East,' Brookings (blog), 24 March 2015, https://www.brookings.edu/testimonies/u-s-policy-toward-a-turbulent-middle-east/.

# ئایا پاڵنەرەکانی پرۆسەی کشانەوە چیین و چۆن بەڕێوە دەچێت؟

کۆمەڵێک پاڵنەری زۆر هەن بۆ کشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە، لەوانە: گۆڕانی خواستی سیاسی لە ناوەوەی ئەمریکا. زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا لە گەڵ ئەودان کە قۆناغی نێودەوڵەتی یان ئەنتەرناشناڵیزم لە سیاسەتی ئەمریکییدا کۆتایی پێبهێنرێت. هەرچەندە ئەمە بەتەواوی مانای گۆشەگیری نیە isolationism، وەک ریتچارد هاس دەڵێت، هەبوونی گرژی لەگەڵ چین رێگرە لە دروستبونی گۆشەگیریی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا[9] . رەنگە کێبڕکێ لە گەڵ چیندا پاڵنەری سەرەکی هۆکاری ناوخۆیی بێت، چونکە توێژێکی بەرفراوانی کرێکاری ئەمریکی بێکاریی و خراپبوونی دۆخی کاریان دەخەنە ئەستۆی چین. لە سەرووی ئەمەوە پرسی کۆرۆنا و هەروەها لاوازبونی ئەمریکا بەشێوەیەکی رێژەیی لە ئاستی جیهاندا. ئێستا چین لە هەر سێ بنەماکانی هێزدا، کە خۆی لە دیموگرافیا، ئابووری لە گەڵ سەربازیدا، دەخوازێت شان لە شانی ئەمریکا دەدات. هەروەها تەنیا وڵاتی چین لە نێو وڵاتانی دیکەی جیهاندا، کە خاوەنی ئەم سێ خەسڵەتەی هێزە، دوای ئەمریکا[10]. هەڵکشانی چین و لاوازبونی ئەمریکا و ترسی لە لاوازبوونی زیاتری پاڵنەری سەرەکییە. بەڵام کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش هەن کە پەیوەستن بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیەوە.

[9]https://www.foreignaffairs.com/articles/united-states/29-09-2021/biden-trump-age-america-first

[10]https://www.brookings.edu/research/china-and-the-return-of-great-power-strategic-competition/

یەکەم، ئەمریکا چیدی ئاسایشی وزەی پشت بە وزەی کەنداو نابەستێت. ئاسایشی وزە دوو بنەمای هەیە: یەکەم، بەردەوامی هەبوونی سەرچاوەی وزە، دووەم نرخی گونجاو. لە رابردودا ئەمریکا بۆ مەیسەرکردنی ئەم دوو بنەمایەی ئاسایشی وزە، پشتی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەست، لە ئێستادا چیدی ئەمە پێویست نیە. دووەم، شکستی ئەمریکا لە پرۆژەکانی و دەستیوەردانی لە ناوچەکەدا. ئەم شکستە تەنیا ئەوەندە نەبوو کە ئەمریکا نەتوانێت بگاتە ئامانجەکانی بەڵکو زیانێکی زۆری لە ئەمریکا گەیاند، نەک تەنیا لە ئاستی ئابووری و مرۆییدا، بەڵکو هەروەها لە ئاستی ناوبانگ و دەرفەتدان بە ئەوانیتر بۆ ئەوەی بەبێ رکابەر هەڵبکشێن، بۆ نموونە چین . شەڕی دژە تیرۆری ئەمریکی دیارییەکی بەنرخ بوو بۆ چین.

بەم پێیە کاتێک ئەمریکا لە چەند دەیەی رابوردودا فۆکووسی زۆری خستبووە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێستا هەوڵ دەدات ئەو فۆکووسە بگوێزێتەوە رۆژهەڵاتی دوور و هەوڵی سنوردارکردنی چین دەدات. ئەم گواستنەوەی فۆکووسە بە مانای کەمکردن و لاوازکردنی ئەو هاوکاریی و دەزگایانە دێت کە تایبەت بوون بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن ئەمریکاوە. ئەم جێگۆڕکێیە، دەبێتە هۆکاری گۆڕانی ریشەیی ئەندازیاری ئاسایش و پەیوەندی وڵاتان و ململانێی هێزەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

پێشتر کاتێک ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا هەوڵی کشانەوەی دەدا، داعش ناچاری کرد جارێکی دیکە ئەمریکا بگەڕێتەوە ناوچەکە. وەک لە دیدارێکیدا لە گەڵ گۆڤاری ئەتلانتیک، ئۆباما دەڵێت، هەر دەتەوێت ئەو ناوچەیە بەجێبهێڵیت، هەرزوو ناچارت دەکات بۆی بگەڕێیتەوە[11]. ئەم خەسڵەتەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە بنەمای ئەو ئارگومێنتانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئارگومێنتی ئەگەری نەکشانەوە.

بەڵام هەستێکی بەرفروان لە ئەمریکا هەیە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە قەدوباڵای خۆی بایەخی پێدراوە[12] .

---

[11]https://www.theatlantic.com/international/archive/03/2016/obama-doctrine-quotes-foreign-policy/424281/

[12]https://www.cato.org/commentary/blueprint-getting-out-middle-east

# ئەمریکا چۆن دەکشێتەوە؟

ئەمریکا لە پرۆسەیەکی کتوپڕدا ناکشێتەوە. بەڵکو لە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاودا بایەخ و توانا و هێز و ئامرازەکانی دەگوێزێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی دوور. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا لە میانەی کێبڕکێ لە گەڵ چین و رووسیادا، ئەمریکا پێویستی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیە؟ بە گشتی نەخێر. چین نایەوێت ئەندازیاریی ئاسایشی خۆی هەبێت و بەسەر ناوچەکەیدا بیسەپێنێت. رووسیاش توانای سنوردارە. چین وەها دەردەکەوێت کە لە ئاستی هەرێمیدا، ئامادەبێت گرژی درووست بکات و پەنا بۆ هێزی رەق بەرێت، بەڵام لە ئاستی جیهاندا زیاتر بە دوای خۆ بە دوور گرتن لە بەکارهێنانی هێز دەگەڕێت.

ئێستا ئەمریکا، وەک چاودێرێک لە واشنتۆنەوە پێی گوتم، لە پرۆسەی وەستانی هەموو خەرجی و کارەکانیەتی کە خۆی لە پرۆژەکانی مۆنیتەرینگ و چاودێری و پەرەدان بە کلتوور و زمان و چەندین بواری دیکەدا دەبینێتەوە. ئەم کارانە لە واشنتۆن و رۆژهەڵاتی ناوەراست بەڕێوە دەچوو، هەمووی لە وەستاندایە. وەستانی ئەمانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەمریکا زانیاری و ئامراز و رۆڵی لە ناوچەکەدا کەم بێتەوە. وەک کەسێکی بە ئاگا لە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەلە واشنتۆنەوە پێی گوتم "ئێستا هیچ کارو چالاکییەکی کەسێکی وەک برێت مەککگۆرک نابینن، کە بەرپرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە". لەلایەکی دیکەوە بە هاتنی بایدن، دەستوبرد بڕیاری ئەوەدرا کە لە پەنتاگۆن[13]تاسک فۆرسێکی تایبەت یان هێزێکی کاری تایبەت بە چین بکرێتەوە بە سەرپەرشتیاری Ely Ratner, کە یاریدەدەری تایبەتی وەزیری بەرگرییە. کەواتە ئێمە لە هەناو پرۆسەی جێگۆڕکێی فۆکەسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا داین.

[13]https://www.defense.gov/News/News-Stories/Article/Article/2500271/biden-announces-dod-china-task-force/

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مرکز دراسات روداو

# به کشانەوە چی ڕوودەدات؟

به گۆڕانی فۆکەسی ئەمریکا و جێگۆڕکێی هێزەکانی گۆڕانکاری جیاواز لە جێگای جیاواز لە جیهاندا ڕوودەدات. ئەوەی جێگای بایەخی ئێمەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئێمە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرە دەبینین، پاش لاوازبونی ڕۆڵی ئەمریکا.

**یەکەم**، ئەمریکا،  بە شێوازی دوور، پەیوەندی لە گەڵ ناوچەکەدا دەبێت، مانەوەی ئەمریکا وەک زلهێزێک لە ئاستی جیهاندا، هەوڵی یاریکردن دەدات لە ئاستی جیهاندا، هەروەها وەک ڕەفتاری زلهێز یان دەسەڵاتداری مەزن پێمان دەڵێت، یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی زلهێز بوون ئەوەیە کە ڕێگری بکات لە سەرهەڵدانی زلهێزی دیکە لەجیهاندا. بەم پێیە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە تەواوی پشتگوێ ناخرێت. کورد دەتوانێت سوود لە ئەم دۆخە ببینێت.

**دووەم**، کشانەوە یان بێبایەخ بوونی ناوچەکەیە بۆ ئەمریکا، هەموو هێزەکانی دیکەی ناوچەکە و دەوروبەری دەخاتە دۆخێکی وەهاوە کە لە خۆیان بپرسن: لە ئەنجامی کشانەوەدا چی بەرهەم دێت؟ ئایا ئەوەی بەرهەم دێت سوود و مەترسییەکانی بۆ من کامانەن؟ ئەمەش بووەتە مایەی دڵەڕاوکێی و جوڵە و سەرکێشی و ترس بۆ هەموو ئەکتەرەکانی ناوچەکە.

**سێیەم**، لە ئەنجامی سەرهەڵدانی سوود و مەترسی، وڵاتان دەکەونە جوڵە. یەکەم خەسڵەتی ئەم جوڵەیە ئەوەیە کە کێبڕکێ و بەریەککەوتن و هەوڵی درووستکردنی هاوپەیمانی و فشار و نیمچە شەڕ دێتە ئاراوە. ئەوەی تایبەتە بە کوردستانەوە چەند ئەکتەرێک ڕۆڵ دەبینن: تورکیا و ئێران، بە شێوەی ڕاستەوخۆ. چین بە زۆر شێواز جگە لە سەربازیی و ئاسایشیی. یەکێتی ئەورووپا وەک یەکەیەک و وەک تاک وڵات هەوڵی درووستکردنی کاریگەری دەدەن، بە تایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا، کە هەریەکەیان بە دوای ڕۆڵی تایبەتیدا دەگەڕێن لە جیهاندا.

**چوارەم**، وڵاتانی ناوچەکە، ئەوانەی کە کێشەکانیان گەورە نیە، هەوڵی ئەوە دەدەن کە هێوری بکەنەوە یان چارەسەری بکەن، وەک لە نێوان دوو جەمسەری عەرەبی لە کەنداو دەیبینین، کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە عێراقی سونییەوە هەیە. وەک لە ململانێی خەنجەر و حەلبوسیدا بینیمان.

**پێنجەم**، لە بری ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی هێز و توانا و سەروەریی وێستفیلیایی دەبنەوە بە بنەما. ئەمە بە زەقی لە هەموو ئەو هەوڵانەدا دەبینین لە ماوەی رابردوو دران بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لە گەڵ رژێمی ئەسەد دا. تەنانەت ئەمریکا رێگر نەبوو لەوەی کە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە ئەو هەنگاوە بنێن، بۆ نموونە پەیوەندی ئوردن و سووریا.

# عێراق پاش کشانەوەی ئەمریکا

وەک لە ناو سیاسییە عەرەبە عێراقییەکاندا باوە، عێراق وڵاتێکە خاوەن سەروەرییەکی نوقسانە. ئەم کەمییەی سەروەریی بۆخۆی مانای ئەوەدەدات کە عێراق سەروەریی نیە. ئەم خیتابی سەروەرییە، ئامانج لێی ئەوەنیە کە عێراق خاوەن سەروەری بێت بەڵکو پێش هەموو شتێک دروشمێکی سیاسییە. هەروەها، بەهۆی کاریگەری خیتابی ئێرانییەوە، سەروەری لە دۆخێکی یاسایی و هێزدارییەوە گۆڕاوە بۆ دۆخێکی دەروونی. وەک لە پرۆژەکەی (محمد بحرالعلوم) دا دیارە، چەمکی سەروەریی زیاتر بەرامبەر ئەمریکا بەکاردێت، بە تێگەیشتن و روانگەیەکی ئێرانی. بەڵام تێگەیشتنی عێراقییەکان هەرچۆنێک بێت بۆ سەروەریی، عێراق لە زۆر رووە کێشەی سەروەریی هەیە. دیارە سەروەری رەهەند و بەشی زۆرە، بەڵام زۆربەی پێناسەکان، پێناسەی بوونی سەروەریی دەکەن و کاتێک کە هەیە: چۆنە، چۆن پیادە دەبێت، بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی رەخنەی پۆست مۆدرێندا، کە بە گشتی دەگەڕێنەوە بۆ پێناسە بە ناوبانگەکەی کارل شمت[14]. شمت سەروەری وەها پێناسە دەکات کە بریتییە لە بونی توانای راگەیاندنی دۆخی عورفی، یان بوونی توانای پەکخستنی یاسا بە یاسایەک لە پێناو لابردنی هەموو رێگرە یاساییەکان و بوونی سەروەری بە سەروەری بێ رێگریی.

[14]Carl Schmitt Political Theology: Four Chapters on the Concept of Sovereignty, university Chicago press.

نەمانی سەروەری عێراق لە ئەنجامی هەڵوەشانی بنەماکانی دەوڵەتەوەیە لە عێراق. ئەم دۆخە تەنیا پەیوەست نیە بە عێراقەوە، بەڵکو بەشێکی کاریگەری سیستمی هەرێمایەتی و ئەو دۆخەی کە پێی دەگوترێت نەبوونی دەسەڵاتی عەرەبی لە ناوچەکەدا هێندەی دیکە چڕ دەبێتەوە. ئەگەر گۆڕینی رۆڵی ئەمریکا کاریگەری لە سەر هەموان هەبێت ئەوا کاریگەری لە سەر عێراق لە هەموان زیاتر دەبێت لە بەر دوو هۆکاری هەرەدیار: یەکەم، عێراق ئەگەری ئەوەی تیادایە کە ببێتە هێزێکی هەرێمی، هێزە هەرێمیەکانی دیکە ئەم رۆڵەیان پێ باش نیە. دووەم، بە هۆی نەبوون یان نوقسانی سەروەرییەوە، پاڵنەر لای ئەوانیتر دروست دەکات هەتا زیاتر دەستیوەردان لە ناو عێراقدا بکەن، بە تایبەتی پاش گۆڕینی رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

هەردوو ئێران و تورکیا، هەوڵ دەدەن کە هەمان رەفتار بکەن و لە هەناو عێراقدا کێبڕکێ بکەن. هەردوو ناوچەی دابڕاو، دیواربەندییان بە دەوری سنوری خۆیان دروست کردوە. هەردوو هەوڵی بە دەستهێنانی دەسکەلای ناوەکی دەدەن. هەردوو دەیانەوێت زۆرترین سوود لە دۆخی دارایی و دارِمانی ئابووری عێراق ببینن. بە گۆڕانی رۆڵی ئەمریکا ئەم دۆخ و یاری و پلانانە چڕتر دەبنەوە.

# دەبێت کورد چی بکات؟

**یەکەم،** دەبێت کورد لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە، هەوڵی تێگەیشتنی چۆنێتی گۆڕانی ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکە بدات. لە هەمانکاتدا چەندایەتی، جۆری بەڕێوەچوونی پرۆسەکە گرنگە. دەبێت کورد فێری ئەوەبێت کە زیاتر لە یەک سەرچاوەوە زانیاری وەربگرێت و پرۆسێسی بکات.

**دووەم،** بە دەستهێنانی زانیاری دەربارەی ترس و نیاز و هەوڵی ئەکتەرەکانی دیکە لە ناوچەکەدا، هەروەها ئەو ئەکتەرە نێودەوڵەتییانەی دیکە، کە هەوڵی ئەوەیان هەیە کە سودێک لە گۆڕانی ڕۆڵی ئەمریکا ببینین لە ناوچەکەدا. ئەم ئەکتەرانە جیاوازن و بەرژەوەندی و پلانەکانیان جیاوازە. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕکابەری و هاوپەیمانی جیاواز بەرهەم بهێنێت.

**سێیەم،** باشبوونی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا. گەرچی عێراق خۆی دەبێتە گۆڕەپانی ململانێ، بەڵام بۆ کورد گرنگ ئەوەیە ئەو بەرەیە لەدژی بەکارنەیەت.

**چوارەم،** چین زیاتر لە ئەمریکا سودمەندە لە ئەو ئەندازیارییە ئاسایشییەی کە لە لایەن ئەمریکاوە دابین دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە ئەگەری هەیە، لەبەر بنەمای پەیوەندی نێوان چین و ئەمریکا، ئەمریکا دەستبەرداری ئەو ئەندازیارییە ئاسایشییە ببێت، هەتا چین یان نەتوانێت لێی سودمەندبێت یان ناچاربێت هەتا خۆی هەوڵی دابینکردنی بدات، کە کارێکی سەخت و پڕ تێچوون و قەیراناوییە. دەتوانرێت سوود لە دۆخی ناسەقامگیریی ئاسایش وەربگرێت، بەڵام ڕەنگە زیانی زیاتر بێت، ئەگەر ئامادەکاری بۆ نەکرێت.

**پێنجەم،** ئەمریکا ڕۆڵی دەمێنێت لە ناوچەکەدا، ئایا کورد چۆن دەتوانێت سود لە ئەو ڕۆڵە ببینێت، ئەمەش بەتەواوی لەسەر توانای خۆڕێکخستن و خۆ-نوێکردنەوە و خۆ-گونجان، لە بوارەکانی سەربازی، هەواڵگری و ئابووری وەستاوە.